# «هەڵبژاردنەکان...»

وەلید عومەر

## مەسیح لە سەردەمی کاندیدەکاندا

فیلمی "ئینجیل بەپێی گێڕانەوەی مەتا"(The Gospel According to St Matthew) یەکێکە لە فیلمە دیارەکانی دەرهێنەری ئیتالی (پییەر پاولۆ پازۆلینی). پازۆلینی لە ساڵی 1964 ئەم فیلمە بەرهەمدێنێت و بەپێی نوسخەی "مەتا" ڕووداوەکان دەڕۆنە پێشێ. وەك دەوترێت گێڕانەوەکانی تری ئینجیل لە ڕوانگەی پازۆلینی یەوە، یان زۆر تەمومژاوییین یاخود زۆر عاتفی و باون. بۆیە پازۆلینی نوسخەی مەتا هەڵدەبژێرێت و عیسایەکی کەمتازۆر شۆڕشگێڕ و چەپئاسا درووستدەکات. هەموو دەزانین مەتا یەکێك بوو لە دوانزە قوتابییەکەی چواردەوری مەسیح، هەر ئەویش یەکێك لە ئینجیلەکان دەنوسێتەوە و بەشێکی دیاریکراو لە کتێبی پیرۆز پێکدێنێت. قسەکە لێرەدا ئەوەیە کە کاتێك دەرهێنەرێکی کۆمۆنیست بە ژیانی پەیامبەرێکدا دەچێتەوە، بەدوای چیدا دەگەڕێت؟ ئاشکرایە پازۆلینی پێشتر سەر بە ئاینزای کاسۆلیك بووە بەڵام لە کاتی بەرهەمهێنای فیلمەکەدا دەمارگیرییەکی زۆری دژی دین هەبووە. ڕەنگە وەڵامێکی سەرپێی، هەر ئەوە بێت کە لە دیدی پازۆلینییەوە دینی مەسیحی(یان باشترە بڵێین سیمای عیسای مەسیح خۆی) خاڵی نیە لە ئیمکانی ڕزگاری. بەتایبەت ئەو ئیمکانەی کە حەقیقەتێك بوونی هەیە و دەبێت بە گوێی خەڵکدا بدرێت. ئەویش لە سەردەمێکدا کە پۆستمۆدێرنە بانگەشەی نەمانی حەقیقەت و ڕێژەییبوونی حەقیقەت دەکات. نەمانی حەقیقەت و گۆڕانی ئیشی حەقیقەت، باجی خۆی هەیە و پێناچێت مرۆڤ و کۆمەڵگا زۆر بەرگەی بگرن. ئەمەش لە کایەی سیاسەت و بەتایبەت پرۆسەیەکی وەك "هەڵبژاردن"دا دەردەکەوێت. لەم هەڵبژاردنانەی ئێستادا، کەمتازۆر شوێنەوارەکانی

ونبوونی حەقیقەت دەبینین. حەقیقەت بەو مانایەی کە کۆمەلگا(یان بەشێك لە کۆمەڵگا) لە دەوری ئایدیایەك کۆبکاتەوە و ڕزگاریی پێ بێت. ئەوەی ئێستا دەیبینین پتر ناحەقیقەتە، یان کورتبوونەوەی حەقیقەتە بۆ کۆمەڵێك درووشمی ڕاگوزەر و هەلپەرستانە. ئەوەی لە زاری لیستەکان و کاندیدەکانەوە دەیبینین، ئەتککردنی "حەقیقەت"ـە. لەبری ئەوەی ئایدیایەك هەبێت و کۆمانبکاتەوە، کۆمەڵێك ڕستە دەبینین کە بۆ سوککردنی حەقیقەت بەرهەمهێنراون و ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵێك موژدەی مسۆگەرنەکراودا کورتدەکەنەوە کە پەیوەندیی بە نان و ئاو و کارەباوە هەیە. دیارە ئەم شتانە گرنگن، بەڵام نەك وەك بەدیلی حەقیقەت. پازۆلینی لە سیاقێکدا مەسیح دێنێتەوە، کە "حەقیقەت" لە ئەوروپای ئەوکاتدا بەرەو ڕیژەییبوونەوە و ئاوابوون دەبرێت. مەسیح لەم فیلمەدا هەر ئەو کەسەیە کە ئامادەیە لەپێناوی حەقیقەتدا بمرێت و بکوژرێت و لە خاچ بدرێت، بەڵام لە کۆنتێکستێکی نوێدا کە ئیزافەی نوێ وەردەگرێت. بە دەربڕینێکی نوێ، هێنانەوەی هەر ڕووداوێکی مێژوویی، زیادەی تری دەچێتەسەر و دەلالەتی نوێ وەردەگرێت. ئەم قۆناغەی کە ئێمەشی تیاین، هەر درێژەی قۆناغەکەی پازۆلینییە. هەڵبژاردنی پارلەمانی بە تایبە هەرە وێرانەکەی، لەم ناوچەیەدا لەسەر حیسابی وێرانکردنی حەقیقەت داڕێژراوە. سوبێکتێکت هەیە کە حەقیقەت کورتدەکاتەوە بۆ فاکتێکی ڕۆژانەیی، بۆ هەڵبژاردنی کاندیدێك کە بەرهەمی ئایدیایەکی ڕزگاری نیە بەڵکو موژدەهێنێکی سەردەمی فەزای مەجازییە(و پشت بە هیچ ئینجیلێکی جدی نابەستێت). دیارە لێرەدا مەبەست لە تاکەکەتاکەی کاندیدەکان نیە، بەڵکو کاندیدەکان خۆیشیان بەرهەمی سەردەمێکن کە "حەقیقەت" پاشەکشەی کردووە و تاکە پێوەری حەقیقەت لە سندووقی دەنگداندایە(ئەمە لەکاتێکدا "حەقیقەت" بە ژمارە و حیسابات ناپێورێت و ڕەهەندێکی شۆکهێنەر و تراومایی هەیە). هەر ئەوەی کە کۆمیسیۆنێك دێت و دەنگەکان جیادەکاتەوە، "حەقیقەت" پێشوەخت لەناوچووە.

بەپێی فیلمەکەی پازۆلینی، لەم سەردەمەدا، فیگەری مەسیح بەرەو ئاوابوون دەبرێت. فیلمەکە لە ماوەی دوو سەعاتدا، ئەو پەیامەمان پێ دەڵێت کە «ژیانی مرۆڤ لە ناندا کورتنابێتەوە». کاتێك لەو بیابانەدا کە شەیتان تەحەدای مەسیح دەکات و دەڵێت «ئەگەر تۆ کوڕی خودایت، ئەوا ئەم بەردانە[ی چواردەورت] بگۆڕە بۆ نان». مەسیحیش وەڵامدەداتەوە: «مرۆڤ تەنیا بە نان ناژی». ڕاستە کە دەبێت نان شتێکی مسۆگەر بێت بۆ مرۆڤەکان، بەڵام حەقیقەت لە ناندا کورتانبێتەوە. نان یەکێکە لە بەرەکەت و ئیمکانەکانی حەقیقەت. ئەم هەموو پەیامە بۆ شکۆدارکردنی نان، بۆ سەرکوتکردنی حەقیقەتە. ئەمڕۆ مرۆڤەکان تا ئەو جێیە هیلاك و خاڵیکراونەتەوە، کە نان بە هاوتای حەقیقەت بزانن. تەنانەت لە عەقڵی باودا ڕستەیەك دەدرێتە پاڵ مارکس کە "گوایا نان لە ئازادی گرنگترە". بەڵام گرنگیدانی مارکس بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و کێشەی نان، بەو مانایە نایەت کە هەرکە پاروویەك نانمان دەسکەوت ئیتر ژیان

بە ڕیتمێکی باش دەڕوات. بەپێچەوانەوە، نان لای مارکس پاش حەقیقەت دێت. ئەو حەقیقەتەی کە دەبێت ئەم تایپە لە ژیان بەسەربچێت و لەناو تایپێکی تازەی ژیانکردندا هەم نان فەراهەم بێت و هەم پێداویستییە مەعنەوییەکانی تری مرۆڤیش. لە فیلمەکەی پازۆلینیدا ڕستە توندەکانی مەسیح دەبینین کە سازشی لەسەر نیە. لەوێدا عیسا وەك سەرەك لیست و حیزب و کاندیدەکانی ئەمڕۆ داوای ئەوە ناکات تاقیبکرێتەوە، بەڵکو پێی وایە حەقیقەت/خوداوەند ڕەهەندێکی تیایە کە تاقیناکرێتەوە و لە ئەزموون بەدەرە. دابەزینی "حەقیقەت" بۆ ئاستی تاقیبوونەوە و تاقیکردنەوە، خودی حەقیقەت لەناودەبات. لە بانگەشەکاندا دەبینین کە دەوترێت بۆ یەکجاریش بێت، دەنگێکی نوێ ئەزموونبکە و تاقیبکەوە. ئاشکرایە ڕەهەندی پشت ئەم بانگەشەیە، هێنانەخوارەوەی حەقیقەتە بۆ ئاستی لۆژیکی شتومەکی سەفەری و «یەکجار مەسرەفکراو». لە فیلمەکەدا بەپێچەوانەوە عیسایەکی بێباك دەبینین کە پەیامەکەی خۆی فرێدەدات و دەڕوات، بەناو کێڵگە و بە لای جووتیار و ماسیگرەکاندا دەڕوات و زۆر دامێنگیریان نابێت. کاتێکیش بە پیترۆس و ئاندریاس (ی ماسیگر) دەڵێت: دوام بکەون با بڕۆین ڕاوی مرۆڤ بکەین [نەك ماسی]، خۆی تەعبیرە لەوەی کە مرۆڤ هێشتا ئەو بوونەوەرەیە کە قابیلی ئاگادارکردنەوە و پەیامدارییە و وەك ئەمڕۆ کۆمەڵێك ئۆبێکتی وێڵکراو نین.

خاڵێکی گرنگ کە لە فیلمەکەدا دەیبینین و بۆ ئەمڕۆ جێی سەرنجە، فەزای گشتی و پانتایی کۆمەڵایەتییە. پانتایی کۆمەڵایەتی لە زەمانی مەسیحدا، پانتاییەکی تارادەیەك لەمسکراو و کۆنکرێتییە، بەڵام ئەمڕۆ پانتایی کۆمەڵایەتی وەرگەڕاوە بۆ فەزای گشتی. فەزایەك کە وەك سەدەی نۆزدە ڕوون و بەرجەستە نیە، بەڵکو فەزایەکی ڕووت و ئەبستراکتە. ئەوانەی لەم فەزایەدا دەژین مرۆڤە پەیامدار و بەرپرسیارەکان نین، بەڵکو کۆمەڵێك دەموچاوی ئەبستراکت و لەمسنەکراون. فەزای گشتی لێرەدا بەو مانایەیە کە ڕووبەرێکی هاوبەش هەیە و مرۆڤەکان بیری تیادەکەنەوە و گفتوگۆی تیادەکەن(یان تەنانەت گفتوگۆیشی تیاناکەن و شەڕی لەسەر دەکەن و حەقیقەتی تیا بەرهەمدەهێنن!). ئایا لە کۆمەڵگای ئێمەدا و لەمڕۆدا ئەو فەزا گشتییە ماوە؟ ئایا هەر هەبووە؟ ئایا ئایندەی فەزای گشتی بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئایا مرۆڤەکان چیتر لێك تێدەگەن و زمانێکی ڕێژەیی ماوەتەوە بۆ حاڵیبوون؟ ئەمە ئەو پرسیارانەیە کە کاریگەریی جدیی لەسەر سیاسەت هەیە و لە داهاتوویشدا دەیبێت. بۆ کەسێك کە بروای بە حەقیقەتە، دەبێت بەجدی بیر لە فەزای گشتییش بکاتەوە. یەکێك لە قووڵبینی و دووربینییەکانی فەیلەسوفی دانیمارك، سورێن کیرکەگارد ئەوە بوو کە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەدا مەترسیی ئەو شتە دەخاتەڕوو کە ناوی فەزای پەبلیك و گشتییە(the public). واتە کیرکەگارد خەمی ئەوەی نەبوو کە فەزای گشتیی مرۆڤەکان چۆنن و چیی تیا دەگوزەرێت، بەڵکو پێی وابوو خودی فەزای گشتی و پەبلیك خۆی مەترسییە. تەنانەت کیرکەگارد دەقاودەق باسی ئەوە دەکات کە

هاتنی "پەبلیك و فەزای گشتی" پێش هەمووشت ڕێگرە لەوەی چیتر مەسیحیەت وەك دینیکی حەقیقی بمێنێتەوە. کیرکەگارد هاتنی چاپەمەنی و بڵاوکراوە ڕۆژانەییەکان بە هۆکاری درووستبوونی (پەبلیك) دەزانێت و پێی وایە پاش پەبلیك و چاپەمەنییەکان چیتر ئەو بەرپرسیاری و حەقیقەتە نامێنێت کە لە مەسیحیەتدا هەیە. دیارە ئەو مەسیحیەتەی کە کیرکەگارد بڕوای پێی بوو، مەسیحیەتێکی فەلسەفی و پابەند و قووڵ بوو. کیرکەگارد پێی وایە هاتنی چاپەمەنی، «مەسیحیەت نامومکین دەکات». واتە کیرکەگارد ئاگای لە ڕەچەڵەکی فەزای گشتی بووە کە وردەوردە مرۆڤەکان لە بەرپرسیاریی ڕاستەوخۆ دادەماڵێت و هەزار بیانوویان دەداتێ خۆیان لە وەزیفەی ڕاستەوخۆ بدزنەوە. هەر خودی ڕۆژنامە ئەو مەترسییەی لای کیرکەگاردی هەڵگرتووە کە کەسێکی نەناس بەناوی نوسەرەوە شتانێك بۆ چەندەها کەسی نەناسراوی تر بڵاودەکاتەوە و ئەم دوو جۆرە خەڵکە هەرگیز بەرپرس و پابەند نین بەرامبەر بەیەکتری. لەخۆڕاش نیە کە هۆبێرت دریفۆسی فەیلەسوف، لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئەنتەرنێت، دەگەڕێتەوە سەر کیرکەگارد و جۆرێك لە جینالۆژیا و ڕەچەڵەکناسی بۆ ئەنتەرنێت دەکات و ئەم نابەرپرسیارییەی ئەمرۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە و پێشتریش کە چاپەمەنی دێت. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە چاپەمەنی یەکێك بوو لە ئیمکانەکانی ناو عەقڵی مۆدێرنە و تازە ڕوویداوە، بەڵام پێش هەر شتێکیش ناسینی ڕەچەڵەکی فەزای گشتی و پەبلیك بایەخی زۆری هەیە بۆ هەر سیاسەتێکی ڕزگاری. لەمرۆشدا بەڵێنی کاندیدەکان و لیستەکان، مادام لە فەزا و پەبلیکێکی مەجازییەوە دەردەچێت، هەڵگری هیچ بەرپرسیارییەکی کۆنکرێتی نیە. بۆنمونە گەر مەسیح(و فیگەرەکانی تری حەقیقەت وەك لینین و ...) ڕاستەوخۆ و بەبێ نێوانگر بانگەشەی حەقیقەتیان کردبێت، ئەوا ئەمرۆ دەیان نێوانگر و میدیۆم هەن کە هیچ سیاسییەك بەشێوەی ڕاستەوخۆ نابەستنەوە بە خەڵکەوە. ئەو سەگباوەڕی و نیهیلیزمەش کە ئێستا لەناو خەڵکدا بەربڵاوە، تەنیا پەیوەندیی بە فاسدبوونی سیستەمی سیاسییەوە نیە بەڵکو بەشێکیشی پەیوەندیی بەو فەزا پەبلیکەوە هەیە کە مرۆڤ دەیان بیانووی هەیە بۆ ئەوەی لە نیگای ئەوانیتر خۆی بدزێتەوە و هەندێك بەڵێن بدات و دواتر نەبینرێتەوە. لە فیلمەکەی پازۆلینیشدا، مەسیح کاتێك نابیناکان و گەروگولەکان چاکدەکاتەوە نایکاتە بانگەشە، بەڵکو پێیان دەڵێت: لای کەس باسی مەکەن، تەنمیا لای کاهینەکان نەبێت، ئەویش بۆ ئەوەی "حەقیقەت"یان لا ئاشکرابێت. کاتێکیش لەکۆتاییدا یەهودا خیانەت لە مەسیح دەکات و دەیفرۆشێت، هێشتا لە بازنەی حەقیقەتدایە و پاش خیانەتەکە پاشگەزدەبێتەوە و خۆی بە درەختێکدا هەڵدەواسێت و خۆی دەکوژێت. بەپێچەوانەی سیاسەتی ئەمڕۆوە کە هەلپەرستی و جیابوونەوەی خێرای کەسایەتییە سیاسییەکان لە حیزبەکان و تەراتێنی کاندیدەکان، فۆرمێکی تازەی خیانەتە کە لەجیاتیی حەقیقەت، لەسەر بەرژەوەندی و دەسکەوتی خێرا بنیاتنراوە. بۆیە حەقیقەت لەمرۆدا پەیوەندیی بەو ڕیسکە

مەسیحییەوە نیە کە دەڵێت ئەوەی شوێنی مەلکوت و حەقیقەت بکەوێت، دایك و برای منە. ئەمڕۆ دەسکەوتی خێرا، جێی حەقیقەتی گرتووەتەوە. پازۆلینی ساڵی 1975 لە چواردەوری شاری ڕۆما دەکوژرێت و هێشتا کوشتنەکەی بەتەواوی ڕوون نیە، ئەمەش بیرخەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە بەرهەمەکان و خالقەکانیان هێشتا پەیوەندییەکی حەقیقەتئاسایان پێکەوە هەبووە و لەبەر ئەمەشە هەندێك کەس دەڵێن: پازۆلینی بووە قوربانیی بەرهەمەکانی خۆی، قوربانیدانێکی کەمتازۆر هاوشێوەی مەسیح...

## ڕواڵەت...

لەپاش زاڵبوونی شاشەکان و جیهانی نمایش، ئیتر گوزارەیەکی سەرەکی لەدایکدەبێت: «گرنگ ئەوەیە ***چۆن/چەند*** دەبینرێم؟». بەو پێیەی ئێستا جیهان زیاتر نمایشییە، ئەوا لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا دیاردەی سەیرتر دەبینین. ڕواڵەت لە ناوەڕۆك گرنگتر دەردەکەوێت. تەنانەت ڕەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین، کۆی ناوەڕۆك کورتبووەتەوە بۆ ڕواڵەت. بۆنمونە، کاتێك سیاسییەك یان سەرەك لیستێك لە هۆڵێکدا قسەدەکات، ڕواڵەت ڕۆڵی پلەی یەکەم دەگێڕێت. زۆر بەلایەوە گرنگ نیە ئەوانەی لەوێن دەنگدەری مسۆگەرن یان نا، کەسی هێنراو و دووبارەن یان نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چەند دەبینرێت. بە زمانە دەروونشیکارییەکە، ئاخۆ چۆن لە چاوی ئەویتری گەورە(the big other)وە دەبینرێیت؟ ئەویتری گەورە لێرەدا بە مانای کۆمەڵگا دێت بە خۆی و نیگاکانی و ڕێسا نەنوسراوەکانی و دانپیانانە تاڵەکانیەوە. لێرەدا کۆمەڵگا تاکەتاکەی کەسەکانی ناو هۆڵەکە نیە، تاکەتاکەی کەسەکانی سەر شەقامیش نیە، بەڵکو لەمانە زیاترە: ئەویتری گەورە، هەموومانین لە ڕەهەندە مەجازییە گشتییەکەیدا، واتە بە نێوانگریی تاکەکان دروستدەبێت، بەڵام کورتیشنابێتەوە بۆ هەر تاکەکەسێکی لە گۆشت و خوێن دروستکراو. ئەمە لە ئاستە ڕۆشنبیرییەکەشدا هەر ڕاستە. بۆنمونە ڕەنگە چیتر کەسێك پێی گرنگ نەبێت تا چەند دەخوێنرێتەوە و کتێبەکانی دەکڕدرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لە دونیای مەجازییدا دانپیانانی *ئەویتری گەورە* وەرگرێت و بەرگی "کتێبێکی وەهمی و تەواونەکراو" دابنێت و بۆ ئەویتری گەورەی بسەلمێنێت ***شتێکی کردووە***. ڕەنگە تا ئێرە ڕەهەندە ئاساییەکەی نمایش بێت، بەڵام کاتێك نمایش بۆ ئاستی پۆڕنۆ(porno) بەرزدەکرێتەوە ئیتر نمایشکردنی هەموو ئەو شتانە دەبینین کە قابیلی نمایشکردنن. واتە هەرشتێك توانستی نمایشبوونی تیابێت، ئەوا نمایشدەکرێت و هەموو ئەو پێوەرانە پشتگوێدەخرێت کە دەبێت

پشتگوێنەخرێن و زۆرجار پێوەری ڕاگرتنی پانتایی کۆمەڵایەتیین. پۆڕنۆ، مرۆڤ هاندەدات تایبەتیترین شتەکانت بخەیتە بەر چاوی ئەوانیتر. جا پیشاندانی دەنگە تایبەتەکەی سەر کارتی دەنگدان بێت، یان نمایشکردنی هەموو شتە شەخسییەکانی ژیانی خۆت بێت بۆ ئەوەی بە دەنگدەرەکان بڵێیت: **من هەموو ئەم شتانەم کە دەیبینن، نەك شتانێکیش کە ئێوە نایبینن و بەشێك لە کارەکتەر و سوبێکتیڤیتەی من پێکدەهێنن.**

پێدەچێت لە داهاتوودا بەتەواوی بەر ڕەهەندە ڕیشەیی و زیادەڕۆییەکەی ئەمە بکەوین و بەدەر لە هەڵبژاردنە سیاسییەکانیش خەڵك بیکەن بە نەریتێکی ڕۆژانەیی کە ورد و درشتی ژیانی خۆیان بۆ بێگانەکان و ئەو مرۆڤانەی تر بخەنەڕوو کە هیچ لینکێکی ڕاستەوخۆی ئینسانی و لۆژیکی و بەرپرسیارانە لەنێوانیاندا نیە. دەکرێت لەپاڵ زۆر دیاردەی سەرەتایی تردا ئاماژەیەك بۆ دیاردەی ڤلۆگ یان ڤلۆگکردن بدەین کە نەوجەوانێك ڕۆژانە و هەفتانە وردەکارییە ناپێویستەکانی خۆی لەڕێگەی ڤیدیۆوە بۆ ئەوانیتر نمایشدەکات. بۆنمونە کچێك سەری خۆی بە لەچکێك شاردووەتەوە، بەڵام لە ڤلۆگێکدا لە کەڵکەڵەی ئەوەدایە وردەکارییەکانی ژیانە ترۆهاتەکەی خۆی بۆ ئەوانیتر نمایشبکات(دیسان جێی خۆیەتی ئاماژەیەك بەوە بکەین کە یەکێ: لەم یوتیوبەرانە لەبەردەم کامێرای مۆبایلەکەیدا لە سەر یەکێك لە شەقامەکان لەناو "هاوڕێکانیدا!" دەڵێت: ئەوە چیە خۆ ئەوەندەی یوتیوبەر لێرەیە، ئەوەندە خەڵکی ئاسایی لێ نیە. لەکاتێکدا کە ئەم یوتیوبەر و ڤلۆگەرانە خۆیان کەسی ئاسایی و عامی ئەم ڕۆژگارەن). جێی خۆیەتی ئەوەش بیری خۆمان بخەینەوە کە ئێستا و بگرە دەمێکیشە گۆڕان بەسەر ستراکتۆری ناوبانگدا هاتووە. جاران ناوبانگ لەوێوە دروستدەبوو کە یەکێك بەهۆی شتێکەوە دەردەکەوت و سەرنجی ئەوانیتری ڕادەکێشا، بەڵام لەئێستادا کە هەموان قسەدەکەن و هەموان خۆیان دەردەخەن، چ گۆڕانێك بەسەر پرسی ناوبانگ و دەرکەوتندا دێت؟ ڕەنگە گومانێکی ڕادیکاڵ بتوانێت بەشێك لە وەڵامەکەمان بداتێ، ئەو گومانەی کە ئەمڕۆ کەس ناتوانێت بەتەواوی کەسێکی تر ببینێت: کاتێك هەموان خۆیان وەك ئۆبێکتێکی پۆڕنۆ دەردەخەن، ئیدی کەس ئەو بینایی و تەرکیزەی ماوە ئەویتر ببینێت؟ کاتێك هەموان جیهانێکی بچوك و بێ ڕەبت دروستدەکەن، چیدی جیهانێکی هاوبەش دەمێنێت تیایدا بژین و بیربکەینەوە؟ ئالان بادیۆ دەرهەق بەم دۆخە لە خۆرئاوا پێی وایە کە کاتێك کەلتوری پۆستمۆدێرن هەوڵدەدان جیهانێکی بچوك و دابڕاو بۆ هەرکەسێك دروستبکات، ئیدی مانای جیهان لە ئاستە گشتی و هاوبەش و کۆمۆنیستییەکەیدا تیادەچێت. بە دەربڕینێکی تر، دواسنوری لۆژیکیی ئەم دۆخە ئەوە دەبێت کە ئێمە لە داهاتوودا لە جیهانێکی بێ جیهاندا دەژین.

# "نەسیم ئەقدەم" و هەڵبژاردنی مردن

نەسیم ئەقدەم ئەو کچە ئێرانییە بوو، کە خۆی وەك داکۆکیکاری مافی ئاژەڵ و ڕووەکخۆری و هونەرمەندی ڕاپ و پسپۆڕی لەشجوانی دەناساند و یەکێك بوو لە ئەستێرەکانی دنیای مەجازی. ئەقدەم، لە ڕۆژی 3ی نیسان هێرشیکردە ئۆفیسی یوتیوب لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا و پاش ئەوەی لە کاتی نانخواردندا سێ کارمەندی بریندارکرد، هەر لەوێدا خۆیشی کوشت. ئەقدەم لە هەندێك جێگەدا خۆی وەك دژەسیستەم دەناساند و جاروبار شتانێکی دەوت کە جێی سەرنج بوو. هۆکاری ئەم پەلامارە، داخستنی کەناڵی ئینیستاگرام و یوتیوبەکەی بووە کە دواتر سود لە کەناڵی تێلیگرام و سایتی شەخسی وەردەگرێت و پێی وابووە ژمارەی ئەوانەی موتابەعەی دەکەن کەمبووەتەوە. دوایین شت کە بڵاویکردووەتەوە وێنەیەکی مناڵیی خۆیەتی لەناو بڕێك گوڵ و گوڵزاردا و وتوویەتی: ئەوە باشترین ڕۆژەکانی ژیانی بووە. ئەم کچە دەشڵێت: بۆ ئەوەی پەیامەکانت بگات، ئەوا سەرەتا هەوڵبدە ناوبانگت هەبێت. بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم کچە لەم ڕۆژگارەدا هەوڵیداوە ناوبانگ بکاتە ئامرازێك بۆ ئەوەی پەیامەکانی بگات، یاخود ناوبانگەکە خۆی ئامانجێك بووە و پەیامەکانی تەنیا ئامراز بووە؟ تێکەڵبوونی ئەم دوو شتە لەمڕۆدا و گۆڕینەوەی جێگاکانیان بەیەکتر، یەکێکە لەو گومانە تیۆرییانەی کە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین. وەڵامی ئەم پرسیارە هەرچی بێت، شتێکی ئەوتۆ لە بایەخی مردنەکەی ئەم کچە کەمناکاتەوە. شتێکی تر کە لەم ئەکتەدا گرنگە جۆرێکە لە "هەڵبژاردن". ئایا ئەمڕۆش هەر دەتوانین شتێك هەڵبژێرین؟ بەو پێیەی کە زۆر شتی ناو ژیانمان لەلایەن کۆمەڵگا و سیستەمەوە بۆ دیاریدەکرێت، ئاخۆ دەتوانین لەمانە تێپەڕین و شتێکی گەورەتر هەڵبژێرین؟ ئایا هەڵبژاردنی مردن هەڵبژاردنێکی گەورەتر نیە؟ گەرچی مردن هەڵبیژاردنێکی نیهیلیستییانە و عەدەمییە، بەڵام هێشتاش بڕێك ئازایەتیی تیایە و بیرخەرەوەی نەریتی قوربانیدانە.

وەك ئەوەی هەندێ لە بیریارانی نوێ باسیدەکەن، ئەمڕۆ لە فەزای مەجازییدا ژێندەر لەو دوالیزمە تێپەڕیوە کە هەیە. واتە فەزای مەجازی چووەتە ئەودیوی دوالیزمی نێر و مێ وە و ئەمەش جۆرێك لە لادانی درووستکردووە. لادان لە ژێندەر و لادان لە زۆر یاسا و ڕێسای نەنوسراوی تر کە لە کۆمەڵگادا هەیە. بە دەربڕینێکی تر، ئەمڕۆ ژنێکی ئەستێرە و فیگەر لە ئەنتەرنێتدا بەتەنیا مێینەیەکی ڕووت نیە بەڵکو دەتوانێت لە زۆر باردا ڕۆڵی پیاویش بگێڕێت. چ لە ئاستی زمان و پێگەی کۆمەڵایەتییدا، چ لە ئاستی شوناسە ئەنتەرنێتییەکەشیدا. دیارە تێپەڕین لەم دوالیزمی نێر و مێ، نامانگەیەنێت بەو یەکسانییە ژێندەرییەی کە گوتاری فیمینیستی باسیدەکات. بەڵکو ڕووبەڕووی "هیچ"ێکی ژێندەرییمان دەکاتەوە. واتە ڕووبەڕووی خاڵێکمان دەکاتەوە کە ژێندەر تیایدا کارناکات و هەمووومان وەك کۆمەڵێك دەعبای پێش-

ژێندەری مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەین(گەرچی ئەم سیما دەعبابیە بەر لە فەزای مەجازییش هەبووە و هەیە. بۆنمونە پاش خیانەتی هاوسەری، سیمای کەسی خیانەتکار لە دەروونی بەرامبەرەکەیدا وەردەگەڕێت بۆ سیمای دەعبایەك، سیمای مەخلوقێك کە وەك بڵێی ژێندەری نیە و بێگانەیە). ئایا کەسێکی وەك ئەو کچە ئێرانییەش وەرگەڕابوو بۆ بێگانەیەکی مەجازی، یاخود هێشتا ژنێك بوو و داکۆکیی لە مافەکانی ژن دەکرد؟ ئەمەش پرسیارێکە و پاش ئاڵۆزبوونی فەزای مەجازی، لەپاڵ پرسیارەکانی تردا دەمێنێتەوە. کاتێك ئەم پرسیارەش دەکەین، دەزانین یەکێك لە قسەکانی ئەم کچە ئەوە بووە کە: "...من نەخۆشییەکی تایبەتیی دەروونییم نیە بەڵام لە سەر هەسارەیەك دەژین کە پڕە لە نەخۆشی و جیاکاری و لادان و ناعەدالەتی...".

لە کۆدا ئەم جۆرە ئەکتە، هۆشیارییەکی لەپشتەوەیە. ئەمە بەپێچەوانەی کارکردی فەزای مەجازییەوە لە واقیعی ئێمەدا کە پڕە لە ژێستی ئەحمەقانە و دواکەوتوو. هێندە بەسە کەمێك سەیری پرۆگرامەکانی کەناڵگەلی وەك نێت تیڤی بکەیت تاکو تێبگەیت ژێستە خێڵەکی و نەخۆشانەکان چۆن تێکەڵ بە شاشەی تەلەفزیۆن و دنیای مەجازی بووەتەوە و چۆنییش برەوی پێدەدرێت. ئەو ژنەی لە فەزای مەجازیی کوردییدا دەبینرێت، چ بێژەر و فیگەر بێت یان نا، تێکڕا ئەو هەوڵە دەبینین کە عەقڵی مەتبەخی کورد لە ئاستە دواکەوتووەکەیدا تێکەڵ بە دنیای نمایشی دەکرێت و نەوەیەك دەبنە قوربانیی ئەم گاڵتەجاڕییە باڵادەستەی کە هەیە. گاڵتەجاڕییەك کە لەئێستادا کەمتر مەترسیدارترە بەراورد بە داهاتوو. چونکە گەر بەم جۆرەش بەرەو داهاتوو درێژبێتەوە ئەوا هیچ پەیامێکی گرنگ لە مێینەی کوردییدا نابینینەوە و ژێستی هاوشێوەی خۆکوژییەکەی نەسیم ئەقدەم بە خەیاڵی کەسدا نایەت کە ژێستێکی کەمتازۆر بەرەنگارانەیە. لەمەش زیاتر ژنی کورد ئەو کاتەش کە بەشداریی فەزای سیاسی دەکات، هێشتاش هەر بکەرێکی هەڵبژێر نیە بەڵکو لەلایەن ئەویتری کۆمەڵگاوە هەڵدەبژێردرێت و مادەیەکی پاسیڤە.

سەرەنجام، ئەوەی وەك خاڵێکی کەمتازۆر ڕوون دەمێنێتەوە و قابیلی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم جۆرە کردە و ئەکتانە، هەوڵێکن بۆ دەرچوون لەو بڵقە مەجازییە داخراوەی کە خەریکە پەیوەندیی بە واقیعەوە نامێنێت. هەر ئەوەی کە دەمانچەیەك بەدەستتەوە دەگریت و ڕوو لە نوسینگەیەکی واقیعی دەکەیت و تەقەی لێدەکەیت، ئاماژەیەکی وای تیایە کە هێشتا هەوڵێك هەیە بۆ دەرچوون لەم بڵقە. تەنانەت گەر دان بەوەشدا بنێین کە ئەم دەرچوونانە، دەرچوونێکی ڕەنگدەرەوە و ڕوولەخۆ(reflexive) بن و لەناو تۆڕە مەجازییەکاندا قووت بدرێنەوە. کەمێك لەمەش زیاتر دەڕۆینە پێشەوە و دەڵێین: گەر ئەم کچە ئەو ناوبانگەشی دەسکەوتایە کە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی پێویست بوو، ئەوا دیسان تووشی هەمان چارەنووس دەبووەوە؛ چونکە ئاستێکمان نیە لە فەزای مەجازییدا بڵێین ئەمە ئاستی ناوبانگە و دەبێت بوەستین و

پەیامەکانی خۆمانی تیا بگەیەنین. پێدەچێت ناوبانگی ڕاستەقینە هەر ئەوە بووبێت کە بە خۆکوشتن پێی گەیشت: نەسیم ئەقدەم، خۆی کوشت...بەناوبانگترین بابەتی هەواڵ...